# پارتی و یەکێتی تەنیا لە سەرکوتی نارەزایەتیی خەڵکدا هاو هەڵوێستن



**خەلیل غەزەلی**

چەند رۆژ پێش(19ی مانگی ئەکتوبر) لەشارۆچکەی ئاکرێ لەسەرکەمبوون و چۆنییەتی دابەشکردنی سووتەمەنی کێشەیەکی قووڵ روویدا. لە ئەنجامی ئەم کێشەدا خەڵکی نارازی رژانە سەر شەقامەکان . پاش خۆ تێهەڵقوتانی هێزەکانی ئاسایش ، جەماوەری نارازی توورە دەبن و دوو بەنزین خانەیان ئاگر تێبەر دا. هەر وەها خانووی خاوەن بەرنزینخانەیەک کەوتە بەر پەلاماەی خەڵک . ئەو رۆژە خۆپیشاندان تا ئێوارەی خایاند .

لە رۆژی پاش ئەو نارەزایەتی دەربرینەوە(20 ی 10) ، هێزەکانی ئاسایشی ئاکرێ( سەر بەدەسەڵاتی پارتی) ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئەو شارۆچکەیەیان دەستگیرکردووە. ئەم دەستگیر کردنە تا چەند رۆژ پاش درێژەی بووە . ئەم هێزانە راست و رەوان تۆمەتی دەستگیر کراوەکانیان بەشداربوون لەو نارەزایەتی دەربرینانەی رۆژی 10/19 رادەگەیەنن. بە پێی زانیاری ژمارەی دەستگیرکراوان تائێستا گەیشتۆتە نزیک بە 50 کەس. هەواڵەکان رادەگەیەنن کە هێزەکانی ئاسایشی ئاکرێ هەوەها چەند ئەندام و کەسی سەر بە هێزەسیاسییەکانی دیکەشیان دەسبەسەر کردوە .

بێگومان هەردوو هێزی دەسەڵاتدارلە باشوور ( پارتی و یەکێتی) لە راوەستان دژی خواستەکانی خەڵک و بە ئاژاوەکێشانی ئیعتراز و نارەزایەتیی خەڵک وەک یەک وان . ئەگەر چاوێک لە هەڵس و کەوتی یەکێتی لە کەلار یا لەگەڵ کوردانی رۆژهەلات کە دەیانەویست لە سلێمانی دژی حکوومەتی ئێران بە شێوەی هێمنانە خۆپیشاندان وەرێ بخەن، بکەین . و لەگەڵ ئەوەی پارتی لە ئاکرێ بەراوەردی بکەین دەبینین ئەم هێزانە لەهەڵوێستیان بەرانبەر بەخەڵک ، بەر و پشتی یەک دراون . هەردوولا لە بە ئاژاوەکێشانی ئیعترازی رەوای کۆمەلانی خەڵکدا وەک یەک دەجووڵێنەوە و هەردوو لا خەڵکانی نارازی دەگرن و بێ حورمەتیان پێدەکەن . ئەوە لەکاتێکدایە ، بۆ خەڵکانی تێروریست و دوژمنانی گەلی کورد و داخوازەکانی دەبنە "دیموکرات" و ئازادی خواز!!!

ئایا خەلکی کوردستان دەیان ساڵ چەرمەسەرێی تەحەمول کرد و ماڵوێرانی و جگەر سووتانی قەبووڵ کرد کە زمانی بێ حورمەتی کردن پێی بگۆردرێ و لەباتی "کلب ابن کلب"، سەگ بابی پێ بڵێین! پارتی و یەکێتی لەباتی ئەوەی سامانی ئەم خەڵکە بخەنە ژێردەستی خۆیان و چەکداری موفت خۆری پێ دالدەبدەن و بیانخەنە گیانی ئەم خەڵکەوە ،وا باشە چاوێک لە رابردووی خۆیان بکەن و بزانن تا چەند ساڵ پێش چی بوون و لە کوێ بوون و ئێستا چی دەکەن . ئەم خەڵکە بە قوربانی و خوێن و ماڵوێرانی ئەم حیزبانەیان گەیاندووەتە ئەمرۆ ،سزاواری ئەو شێوە هەڵس و کەوتە نین.

ئایا ئەم هێزانە تا ئێستا بیریان لەوە کردووەتەوە کە هۆی چییە تا نارەزایەتییەک روودەدا دەس بەجێ دەبێتە سەرهەڵدانێکی جەماوەری و خەڵک دەرژێنە شەقامەکان ؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانە .

ئەم خەڵکە وایان لێهاتووە کە ئەم دەسەڵاتانە بە هی خۆیان نازانن . هەر بەو پێیەش سامانی گشتیش بە هین خۆیان نازانن . بۆیە لە وێران کردن و ئاگرتێبەردانیاندا ناسڵەمێنەوە .

پارتی و یەکێتی لە ڕاگەیەنەرەکانیاندا زۆر باسی ئازادی و دیموکراسی دەکەن. بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا خەڵک پێچەوانەی دەبینن. لە دونیای ئازاد و دوور لە دیکتاتوریدا ،ئیعتراز مافی بێ ئەملا و ئەولای هەر ئینسانێکە. بۆیە هەر مرۆڤێک مافی خۆیە (چ بەشێوەی تاک و چ بەشێوەی کۆمەڵ) ئیعتراز بکات . ئەمە کوردستانیش دەبێ بگرێتەوە . واتا کاتێک خەڵک لە گەندەڵیی ئیداری و داڵدەدانی نیشتمان فرۆشان وەزاڵە دێن . چارەیەکیان نییە ، جگە لە ئیعتراز و خۆپیشاندان . ئەگەر هێزەکانی "ئاسایش" (چ ناوێکی چەواشە) پەلاماری خەڵکی ناڕازی نەدەن و تەقەیان لێ نەکەن ، ئێعترازەکان بە هێمنی کۆتاییان دێت . هاوکات ئەگەر کاربەدەستان گۆێ لە ئیعترازی خەڵکەکە بگرن و هەنگاوی بۆ هەلگرن ، بێگومان هەم ئیعترازەکان کەم دەبنەوە و هەم مەودای نێوان جەماوەر و دەسەلات کەم دەبێتەوە .

بەڵام بە داخەوە ئێمە پێچەوانەی ئەم عەقڵییەتە دەبینین . واتا تا دەنگێکی ئیعتراز بەرز دەبێتەوە ، "ئاسایش !!" بە کلاشێنکۆفی لە سەر پێ وەستاوەوە، ئامادەیە و پاشان بەرپرسان ،خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە ئاژاوەچی و دوژمەنی بەرژەوەندیی "گەل و نیشتمان" ناو دەبەن و کۆلکەمەلای نان خۆری دەسەڵاتیش حوکمی کافر بوونیان دەر دەکات .

هەر ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵک لە کەلار ، هەولێر، سلێمانی ، ڕانیە ، ئاکرێ و شووێنەکانی دیکە ، وا لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار روویان وەرگێڕاوە کە بەڕاستی بۆشاییەکی گەورە کەوتووەتە نێوان دەسەڵات و جەماوەرەوە . ئەمەش سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دوور لە کۆمەڵانی خەڵک واتا دیکتاتوریە . هۆکاری ئەم وەزعەش حیزبەکانن . ئەم حیزبانە پاش گەیشتن بە دەسەڵات خۆیان لێ ون بووە و لەباتی بەرپا کردنی دەسەڵاتداریی خەڵک ، هەرکامەیان بۆ خۆی میرنشینێک ( دەسەڵاتی حیزبی)ی بەرپا کردووە و بە کۆکردنەوەی چەکدار و نانخۆر لە دەوری خۆیان، شێوە دەسەڵاتێکی چکۆلەی وەک حکوومەتەکانی دەوروبەری خۆیان پێک هێناوە. دەسەڵاتێک کە تێکەڵێکە لە عەقلی عەشیرەیی بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی ئیمرۆوە.

بێگومان وەها دەسەڵاتێک ناتوانێ پشت بە جەماوەر و پشتیوانیی ئەوان ببەستێ . بۆیە بۆ کێشە کانی نێوان خۆی و جەماوەر لە زەخت و زۆر ، نەک لۆژیک کەڵک وەر دەگرێ . کە ئەوەش ڕۆژ لە رۆژ زیاتر خەڵکیان لێ دوور دەکاتەوە . تا ئەو جێگایەی گەر هات و دەسەڵاتەکەیان لە لایەن بێگانەوە وەمەترسی کەوت ، بێگومان بێ پشتیوان دەمێننەوە و ئەوەیان بەسەر دێت کە لە کۆ ڕەوەکەدا دیتمان ، سەرکردەکان لە پێشەوەی هەڵاتن و خۆ ئاودیو کردن دا دەبینین .

**ڕەزبەری 2005**